# وتەی کامل ئەحمەد لە هەفتەی مەنسور حیکمەت لە ئۆسلۆ

ئازیزانو خۆشەویستانم، منیش لای خۆمەوە و بە ناوی کۆمتیەی نەرویجی حزبەکەی مەنصور حکمەتەوە (حککع) بەخیرهاتنتان دەکەم بۆئەم یادە. ئامابوونی ئێوە دۆستان نیشانەی ڕێزگرتنتانە لە هەفتەی یادکردنەوەو ناساندنی گەورە بیرمەندی مارکسیستی ئەم سەردەمە، مەنصور حکمەت.

مەسەلەکە بۆ من یان کەسانێك کە لە نزیکەوە شانسی ئەوەمان نەبوو، ژیان لەگەڵ مەنصور حکمەت بکەین، یان چەندین بۆنەو یادی سیاسیو تەنانەت شەخصیمان هەبێت لەگەڵی، کارێکی هەروا ئاسان نیەیە، چونکە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەو کاروهەڵسوڕانی شەوو ڕۆژەی ئەو لە پێناو خۆشکردنو باشکردنی ژیانی ئینسانەکاندا، هێندە گەورەن وە هێندە زۆرو ماندوونەناسانەن، کە هەریەکەیان گۆشەیەك لە جیهانبینی ئەو بۆ دنیایەکی تر بەدەستەوە دەدەن، کە بۆ کەسێك کە لەگەڵیدا نەبووبێت، سەختە بتوانێت تەنها بە ووشە دەریبڕێت. ڕەنگە ئەم کارە بۆ هاوڕێ ئیرەجی فەرزاد کە لێرەیەو ئەو هاوڕێیانەی تر کە ڕۆژانێکی زۆر لەگەڵ مەنصور حکمەت ژیاون ئاسانتر بێت. بەڵام بەدواداچوونو تەماشاکردنی ئەو گۆشە جیاجیایانە ئەوەندە پڕ ماناو بە ئەزموونن، ئەتوانێت دەستمایەیەکی گەورەو گرنگ بێت بۆ بەدەستەوە گرتنی چەکێك کە ئەو لە بەرامبەر نایەکسانی وبێبەشی‌یەکانی کۆمەڵگای ئەمڕۆدا بە دەستی‌یەوە گرتبو، کە ئەویش مارکسیزمە.

من بۆ خۆم دەمێك بوو خولیای بینینی ئەو ئینسانە دەیان جار بە مێشکم دا دەهاتو دەچوو. لە خەیاڵی خۆمدا دەیان وێنەم لێ دادەتاشی و بە چەندین جۆر دەمهێنایە پێش چاوی خۆم. جارێك دەمووت شایەت وەك مارکس بێت و جارێکی تر دەموت نا دەشێت وەك لینین بێت. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو بیرکردنەوانەدا لەسەر شێوەی لەوە دڵنیا بووم کە ئەم ئینسانە گەورەیە کێیە لە ڕێگەی نووسینەکانیەوە کە لە ڕۆژنامە جۆراو جۆرەکاندا بڵاو دەکرانەوە وە یان لە ڕادیۆوە گوێم لێبووبوو.

سالآنی هەشتاکان کە ئێمە چەند ڕێکخراوێکی چەپ بووین، لە ڕێی ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی ئێرانەوە بە باسو بیرکردنەوەکانی ئەم بیرمەندە ئاشنا بووین. هەر زوو خولیای خوێندنەوەو لێ تێگەیشتنی ئەم ئینسانە وای لێکردم کە فارسی فێربم و بتوانم لانی کەم لە ئەدەبیاتی مارکسیستی ئەو تێبگەم. چ خۆمو چ هاوڕێکانم ئەوکات زۆر بۆمان گرنگ بوو لەسەر مەسەلەکانی ڕۆژو لەسەر تێگەیشتنی مارکسیستی‌یانە بۆ دنیای دەورمان، ڕوو بکەینە ئەدەبیاتەکانی ئەو. وە دەستاودەستمان پێ دەکرد. سەردەمێك، کە دەزگا ئەمنی‌ومخابەراتی‌یەکانی بەعس وەك دەرمان بە دوای نەیارانی خۆیو بەتایبەتیش کۆمۆنیستەکاندا، دەگەڕا، ئێمەش وەك دەرمان بە شوێن تازەگەری‌یەکانی ئەوەوە بووین. ڕۆژان هات و ڕۆیشت. کاتێك منصور حکمت فێری کردین کە نهێنی گەرایی و خۆشاردنەوە کاری جەرەیاناتی چەپی حاشیە یی یە و سوننەتێکە بە زۆر بەسەر کۆمۆنیستەکاندا سەپێنراوە بەهۆی ئیستبدادی موتلەقی نیزامە سەرمایەداریە هارەکانەوەو فێری کردین کە چۆن دەبێت عەلەنی کار بین، ئەو کات بۆ یەکەم جار وێنەیم لە دووتوێی ڕۆژنامەکاندا بینی. هیچ کات تەسەورم نەدەکرد کە بتوانم ئەو ئینسانە ببینم. بەڵام مێژوو تەنها ئەو شانسەی پێدام کە بتوانم لە نزیکەوە و لە کۆنگرەی سیّ ی حککادا ئەو ئینسانە گەورەیە ببینم. لێتان ناشارمەوە کە چەندێك بۆ بەشداری لەکۆنگرەی حیزبدا چووبووم ئەوەندە بۆ بینین و ناسینی ئەو لە نزیکەوە. هەر هەڵس و کەوتێکی ئەو بۆ من قوتابخانەیەك بوو. هەر لە لەگەڵ هاوڕێکانی تا نەیارەکانی و تا ئەوانەی کە ڕەخنەیان لێدەگرت. هەمیشە دەم بە خەندەو پێکەنین بوو. زۆرکات بۆم تەصەوەر نەدەکرا ئەم ئینسانە بەم هەموو گەورەیی و زانابییەوە چەندێك سادەیە!! توانای قەناعەت پێکردنی چەند بەهێزەو چۆن تیژبینانە لەسەر هەموو ڕووداوەکانی نەك تەنها ئێران و عێراق و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو تەواوی دنیا نەزەر دەدا. ئەو تەنها شیکەرەوەی ڕووداوەکانی دنیا نەبوو، بەڵکو ڕۆژانە لە هەوڵی گۆڕینیاندا بوو. چونکە باوەڕی قوڵی ئەو بە بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر بۆ ئینسانەکان ئەسڵ بوو وە ئەوەشی بەند کردبوو بە پراکتیکی ڕۆژانەی ئینسانەکانەوە.

مەنصوری حکمت بنیاتنەری دوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بوو، دوو حزب کە ڕەمزی پشت ڕاستکردنەوەی کۆمۆنیزم بوون لە دنیای دوای دەورانی دوو قوتبیدا. کە ئەگەر کاروو کردەوەکانی ئەو بەدەستەوە بگرین و بتوانین لێی تێبگەین دەتوانین ئەو دونیایە بنیات بنێین کە ئەو کاری بۆ دەکرد. زۆرێك لە نووسین و کارەکانی ئەو کە هەر ئێستا لەم ساڵۆنەدا لەبەردەستی ئێوەدایە بە زمانی جۆراو جۆر و بوونەتە موڵکی بەشەریەت و لەوە دەرچوون کە تەنها میراتی ئەم دوو حیزبە بن، گەواهی لەسەر کارەکانی ئەو دەدەن. ئەوێك کە دوای پێکهێنانی ئەم دوو حزبەش، چەندین دامەزراوەو ئۆرگانی جۆراو جۆری بۆ بەرگری لەمافەکانی ئینسان دروستکرد. ئەو بوو کە بۆ یەکەمین جار فیدراسیۆنی پەنابەرانی پێشنیار کردو بەرگری لە

مافەکانیان کرد لە بەرامبەر شەپۆلی ڕاست و ڕاسیستی دەوڵەتانی ئەوروپادا. ئەوبوو کە ئۆرگانی یەکەم منالان (اول کودکان)ی دروست کردو دیفاعی سەرسەختی لەو ئینسانە بچووکانە کرد کە دەسەلاتیان نیەو بوونەتە قوربانی گەورەسالاری. ئەوبوو کە ڕێکخراوی ژنان و چەندین ڕێکخراوو دامەزراوەی تری دروستکرد بۆ دیفاع لە ئینسان و ئینسانیەت و بۆ ئەوەی حورمەتی ئینسانی چی تر لەژێرپرسیاردا نەبێت. نەهێشتنی سزای لە سێدارەدان و قسەی دروست لەسەر لە باربردنی منداڵو تەنانەت تەرحی جیابوونەوەی کوردستانی عێراق هەموو لە داهێنانەکانی ئەم بیرمەندە مەزنە بوون.

بەشێك لە ئێمە شانسی ئەوەمان هەبوو کە هاوتەمەن یان نزیکی تەمەنی ئەم بیرمەندە گەورەیەی سەدەی بیست بووین کە بە داخەوە گەر زەمانە لوتفی بکردایەو دەیەیەکی تری تەمەنی بگوزەراندایە، مێژووی بەشەریەت دەسکەوتی زۆر مەزنتری بە خۆیەوە دەبینی. بیهێننە پێش چاوتان کە ئەو لەسەر ڕووداوی 11ی سێپتێمبەر، چەندێك ڕۆشنگەری خستە سەر منافەسەی باڵە تیرۆریستە جیاجیاکانی دنیاو وە تەنانەت ئەوە بوو بە خەتێك بۆ دنیای موتەمەدین. گەر ئێستا ئەو لە نێوماندا بووایە، لەسەر عێراق و تەواوی ئاڵوکۆڕەکان، ڕۆژانە لێکدانەوەی مارکسیستی زیادی دەکرد.

لە ڕاستیدا من پێم وانیە نە من و نە هەرکەسێك گەر بمانەوێ لەسەر ژیانی پڕ مانای ئەو قسە بکەین بتوانین حەقی خۆی بدەینێ، بە تایبەت لە کاتێکی ئاوها کورتدا. بەڵام هەموو ئێمە، نەك تەنها کۆمۆنیستەکانو ئەوانەمان کە هەر ئێستا لەم دوو حزبەدا کار دەکەین، بگرە هەموو کەسێك، بەوانەشەوە کە ئێستا نەیانتوانیوە بێنە ئەم هۆڵەوە ، پێویست دەکات کە زیاترو زیاتر لە بیرکردنەوەو کارو هەڵسوڕانو ڕەفتاری ڕۆژانەی مەنصور حکمەت شارەزا ببین. بۆ ئەوەی بتوانین خەباتکارێکی چالاکتر بین بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو یەکسانیو خۆشگوزەرانی، بۆ ئەوەی بتوانین رەمزی پارێزگاری کردن لە مافەکانی ژنانو منالان بین، بۆ ئەوەی داینەمۆی گەڕانەوەی ئیرادە بین بۆ ئینسان بۆ ئاڵوگۆڕ لە ژیانی خۆیدا، بۆ ئەوەی پێش بە بەرپێوەبەرانو پارێزەرانی دنیای نوقمکراو لە بێمافیو کۆنەپەرستیدا بگرینو بەسەر ئەواندا سەرکەوین، بۆ ئەوەی ئومێدو ئارەزووی تاکە تاکەی خۆمانو منالانی برسی لە عێراقو ژنانو لاوانی تووڕە لە حوکمی ئیسلام لە ئێرانو عێراق بهێنینە دی، بە کورتی بۆ ئەوەی هەویەتی ئینسانو ئینسانیەت بگێڕینەوە بۆ ئینسانەکانو دنیای خۆشگوزەرانی بهێنینەدی، ئەبێ ببین بە مەنصوریست، مەنصوریست بەو مانایەی کە خۆی لە تەعریفی لینیندا ئەیووت، کە ئەگەر لینین وەك مارکسیستێکی بە پراکتیكو ڕاستەقینە، لێك بدرێتەوە، ئەوا مەنصور حکمەت خۆشی لینینیستە. ئێمەش ببین بە مەنصوریست. بیرکردنەوەکانی ئەو، باوەڕی قوڵی ئەو بەهێزو ئیرادەی ئینسانەکان بۆ گۆڕینی دنیاو بە دیهێنانی دنیایەکی باشتر، بە دەستەوە بگرین. لەگەڵ دوژمنەکانمان تیژو بێرەحم، بەڵام موستەدیلو ڕەوان سڵ لە ڕەخنەکانمان نەکەینەوە. وەك ئەو بین بۆ بەهێز کردنی حزبەکەمان کە بەرهەمی ماندوو بوونو ڕەنجی هەموومانەو لەسەرووشیانەوە ، تێکۆشانی مەنصور حکمەتە. وەك ئەو بین بۆ بەگوڕکردنو بە تین کردنی هەنگاوەکانمان. وەك ئەو بین لەگەڵ منال، لەگەڵ ژن، لەگەڵ هەموو مەسەلەکانی ژیان. ئێمەش بە قوڵی لەگەڵ ئینسانو ئینسانیەتدا بین.

بەو هیوایەی ئەم دوو ڕۆژە پێکەوە بتوانین ئاشنایەتی زیاتر بە گۆشە جیاجیاکانی ژیانی پڕبایەخی مەنصور حکمەت پەیدا بکەین. وە تەجروبەکانی ئەو لە سیاسەتی کۆمۆنیستیو کرێکارییدا، وە لە ژیانی شەخصیدا، بەدەستەوە بگرین.

بژی مەنصور حکمت

جارێکی تر سوپاستان دەکەمو سەرکەوتوو بن.

2004/6/5